https://www.doi.org/10.31918/twejer.1924.11

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا

فەرهاد عەزیز حەسەن
زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە– مەخموور
بەشی زمانی کوردی
Farhad.hassan@su.edu.krd

**پوختە:**

زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا بەرهەمی دینی، بازرگانی، سیاسی، ئەدەبی و ... ی پێ تۆمارکراوە. ئەم زمانە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی مادەکاندا وەکو زمانی دەسەڵات جێگە و پێگەیەکی مەزنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاوانکردووە و ئەم گەشە و پێشکەوتنە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان درێژەی پێدراوە و وەکو زمانێکی ستاندەر لەم قۆناغەدا هەڵسوکەتی لەگەڵدا کراوە و بەرهەمی جۆراوجۆری پێ نووسراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم قۆناغە شکۆدارەی زمان و ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی کوردی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێ ڕەهەندەکانی گەشەی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی لەژێر ڕۆشنایی بەرهەمە ئەدەبی و دینییەکانی ئەم قۆناغە شیبکرێنەوە.

**وشە کلیلییەکان:** مێژووی گەشەی زمان، زمانی کوردی، ئەدەبی پێش ئیسلام، دەقە کۆنەکانی زمانی کوردی.

## پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا

### پێشەکی

بەپێـــی بەڵــگە مێژووییەکـــان، جوگرافیـــای زمـــانی کـــوردی زۆر بەرفراوانترە لەو جوگرافیا سیاسییەی کە ئێستا لەسەر پەڕەی نەخشەی سیاسیی دەوڵەتەکاندا وێناکراوە. ئەو هێڵە جوگرافییانەی کە لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەم بە مەبەسـتی دامەزرانـدنی کـۆمەڵە دەوڵەتێکـی نـوێ لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت داڕێـژراون، ئامـانجی سیاسـی لە پشـتەوە بـووە. بەپێی ئەم هێڵە نوێیانە کوردستان وەکو نیشتمان و گەلی کورد وەکو نەتەوە بەسـەر چەنـدین دەوڵەتـی جیاوازدا دابەشـکراوە. ئەم دابەشـکردنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شوناسـی نەتەوەیی گەلی کورد هەبووە. شوناسـی نەتەوەیـی لە کۆمەڵە تایبەتمەنـدییەکی پـێکەوە گرێـدراوی وەکو زمـــان، خـــاک، مێـــژوو، کولتـــوور و ... هتـــد پێکهـــاتووە و لە ئەنجـــامی پێکەوەبـــوونی ئەم تایبەتمەنـدییانەوەیە کە نەتەوە شـــوناس و کەســـایەتی وەردەگرێ.

ئەو جوگرافیـــا و ســـنوورەی کە زمـــانی کـــوردی تێـــدا بەربـــڵاوە، ڕەسەنایەتیی خۆی لە مێژووی ژیاریی گەلی کورد وەرگرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهۆی دابەشـکردنە سیاسییەکان بەرتەسک بووەتەوە، بەڵام تـــاکو ئێستاشـــی لەگەڵـــدا بـــێ بەجۆرێـــک هەر لە خاوەنـــدارییەتیی زمـــانی کوردیـــدا مـــاوەتەوە. ژیـــنگە و جوگرافیـــای ڕەســـەنی زمـــانی کـــوردی لە کـــۆنترین ڕۆژگارەکـــانی مێـــژووییەوە تـــاکو ئەمـــڕۆ هەر لەلایەن کـــوردەوە پاوانە و کێڵگەیەکی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتە.

بەڵـــگە مێژوویـــی و دۆزیـــنەوە شوێنەوارناســـییەکان ئەوەمـــان بـــۆ ڕووندەکەنەوە کە گەلی کورد یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکانی دانیشـتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە جێپەنجەی لە داڕشتنی مێژوو و شارسـتانییەتی ئەم نـاوچەیە دیـارە. بەردەوامبـوونی زمـان لەسـەر خـاک و سـنوورێکی

دیاریکراوی جوگرافیاییدا بەپێی تێپەڕینی کات، بەرهەمهاتنی کولتوور و شارستانییەتی لێدەکەوێتەوە. بۆیە لێرەدا بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ڕوونتر بێ، پێویستە لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد هەڵبدرێنەوە و لەسەر بنەمای مێژووی نەتەوەییەوە ڕەهەندەکانی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی ڕوونبکرێنەوە.

## ڕەهەندە مێژووییەکانی گەشەی زمانی کوردی

مێژووی زمانی کوردی پەیوەستە بەو سنوورە جوگرافییەی کە ئەمڕۆ بە کوردستانی گەورە ناسراوە. کورد وەکو نەتەوە، لە دێر زەمانەوە لەسەر ئەم خاکە ژیاوە و بە زمانێک دواوە کە ئەمڕۆ زمانی کوردیی پێدەگووترێ. زانایانی بواری مێژوو و شوێنەوار، پێشینەی ژیان لەسەر خاکی کوردستان بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێننەوە. بەپێ بەڵگە مێژووییەکان ئەشکەوتەکانی کوردستان لانکەی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن بۆ نموونە **ڕاو سلووکی** شوێنەوارناسی ئەمریکی دوای کەنە و پشکنینێکی بەردەوام گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەشکەوتی شانەدەر لە زاگرۆس کۆنترین ئەرشیفی ژیانی مرۆڤ بووە. ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە کوردستان و شوێنی دانیشتنی مرۆڤی ڕۆژانی زوو بووە. هەروەها بۆ یەکەمین جار مرۆڤ لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە دابەزیوە و یەکەمین گوند و هەوارگەی هەمیشەیی بەناوی (زەڤیاچەمێ)ی دامەزراندووە، ئینجا هەر لەوێ لە دەوروبەری ٩٠٠٠ی پ. ز مەڕومالاتیان مالّی کردووە و سەرەتاییترین ناوەندی شارستانییان لە کوردستان دامەزراندووە. (Ralph & Rose. Solecki: 2004, 4)

**چارلز بێرنی** لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی نەتەوە کێونشینەکانی باکووری ڕۆژئاوا) ئاماژە بەم ڕاستییە دەدا و دەڵێ: ئەشکەوتی شانەدەر و زەرزێ کۆنترین مێژوویان لە ژیاری مرۆڤایەتیدا تۆمار کردووە.(چارلز برنی و مارشال لانگ: ١٣٨٦، ٣٥) هەروەها **میهرداد بەهاری**ش دوای دانپێدانان بەوەی کە کوردستان لانکەی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستە؛ دەنووسێ: لە دەوروبەری ٧٠٠٠ی پ.ز زاگرۆسییە گوندنشینەکان لە ڕووی پێکهاتەی ژیان و شارستانییەت پێشکەوتن و دواجار لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پ.ز یەکەمین بناغەکانی شارنشینییان بنیات ناوە. (مهرداد بهار: ١٣٨٩، ٣٧٩) لێرەوە دەردەکەوێ ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا ژیاون دواتر بەرەو پێدەشتەکان دابەزیون و یەکەمین گوند و کۆنترین شار و سەرەتاییترین جۆری ژیاریی مرۆڤایەتییان بنیات ناوە. لەم ناوەندەدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ڕۆڵی زمان لە بەرەوپێشچوونی شارستانییەتدا گرنگە، چونکە زمان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو توانست و داهێنان و مێژوو و کولتووری خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازێتەوە. ئەم گواستنەوەیەش سەرەتا لە ڕێگەی ئەدەبی زارەکی و دواتر لە ڕێگەی نووسینەوە بووە.

مێژووناسان مێژووی کوردیان بەسەر چەندین قۆناغی جیاوازدا دابەشکردووە. ئەم دابەشکردنە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانە و پەیوەستە بە گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی مێژوویی ئەم ناوچەیە. بۆ نموونە **محەمەدی مەردوخی** بەمجۆرەی خوارەوە مێژووی گەلی کوردی بەسەر چەند قۆناغێکی جیاوازدا دابەشکردووە:

١- قۆناغی پێش مێژوو

٢- لە ٣٦٠٠ی پ.ز تاکو ٨٥٣ی پ.ز

٣- لە ٨٥٣ی پ.ز تاکو ٥٥٠ی پ.ز

٤- لە ٥٥٠ی پ.ز تاکو سەردەمی هاتنی ئیسلام(محمدی مردوخی: ٢٠١١، ٢٨)

لەم دابەشکردنەدا ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی کوردستان بە بنەمای قۆناغە جیاوازەکان دانراون. لە قۆناغی پێش مێژوودا کە هێشتا نووسین دانەهێنراوە، زانایانی بواری نەتەوەناسی و کولتوورناسی پتر پەنا بۆ ئەفسانە دێرینەکان دەبەن. لە قۆناغەکانی دیکەدا بەڵگەنامە مێژوویی و پاشماوە شوێنەوارییەکان کەرەسەی شیکردنەوەی زانستییانەی پسپۆڕانی ئەم بوارەن. (فرهاد عزیز: ٢٠١٣، ٤٠) لە سەرجەم ئەم کەرەستانەدا زمان کۆڵەگەی سەرەکی و ئامرازی بنچینەیی پشکنینەکانە.

زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، نیشتمانی سەرەکی و مێژوویی گەلی کوردن و بە درێژایی مێژوو کۆمەڵە میرنشینێک و شانشینێکی ناسراو لەم سنوورە جوگرافییەدا دەسەڵاتدار بوونە و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتی ئەم ناوچەیەدا هەبووە. میرنشینە ڕەسەنەکانی دانیشتووی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و نیشتمانی نێوان دوو ڕووبار بریتی بوون لە: ((سۆمەری، گووتی، لوولوو، کاسی، میتانی، سوبارتی، نەیری، مانایی و ...هتد)). (مەنسور مەخدوم: ١٣٨١، ٢٤) هەروەها **ئیقرار عەلییێف** لە کتێبی (پاشایەتیی ماد)دا ئاماژە بەو میرنشینانە دەکات و دەڵێت: لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز کۆمەڵە یەکەیەکی سیاسیی بچووک لە ناوچەکانی ماد دەردەکەون کە پێشاندەری هاتنەکایەی سیستەمێکی نوێی بەڕێوەبردنی وەکو دەوڵەتی بچووکن و ئەمەش هەڵوەشانەوەی شێوازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای هۆز و عەشیرەتی بەدوای خۆیدا هێنا. لە بنەڕەتدا سنووری جوگرافیی هەندێ لەم میرنشینانە لە سنووری چەند گوندێک تێنەپەڕیوە. (اقرار علی‌یف: ١٣٨٤، ٢٨٢-٢٨٣)

لەم کات و ساتە مێژووییەدا کە کۆمەڵە میرنشینێکی بچووک لە کوردستان دامەزرابوون، ((دەوڵەتی ئاشوور بە مەبەستی فراوانکردنی سنووری دەسەڵات و زیادکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەوڵی

داگیرکردنی ئەم ناوچانەی دەدا و لە دەوروبەری سالانی نێوان ١٢٥٠ی پ.ز تاکو ٨٥٠ی پ.ز بەردەوام هێرشیان بۆ سنووری کوردستان دەبرد)). (اقرار علی‌یف: ١٣٨٨، ٢٨٣) ((لەم قۆناغەدا ئەم میرنشینانە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی هێزە دەرەکییەکانی وەکو ئاشوور لە نێوان خۆیاندا یەکێتییەکیان دامەزراند کە دواتر لەدایکبوونی ئیمپراتۆریەتی مادەکانی لێکەوتەوە)). (محمد جواد مشکور: ١٣٧٥، ٨٩) **حەبیبوڵڵای تابانی** لە کتێبی (هاونەتەوەیی کورد و ماد)دا سەبارەت بەو میرنشینانە دەڵێ: سەرجەم ئەم میرنشینانە لە ڕووی نەژاد و زمانەوە سەر بە نەتەوەیەکی دێرینن کە پێیان دەگوترا گووتی، وشەی گووتی ناوێکی گشتییە و گشت ناوەکانی دیکە لەخۆدەگرێت؛ چونکە ئەمانە گشتیان هۆز و تیرەی جیاوازن و سەربە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بەناوی گووتین، ڕێک وەکو سەردەمی ئێستا کە وشەی کورد ناوی میللەت و نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و لە چەندین هۆز و تیرەی جیاوازی وەکو موکری، کەلهوڕی، زازایی، لوڕی، ئەردەڵانی، بابان و ...هتد پێکهاتووە. کەواتە وشەی گووتی لە کۆندا لە جیاتی وشەی کوردی ئێستا بەکارهاتووە و بەپێی گشت سەرچاوە و نووسراوە گڵێیەکانی ئەوسا نەتەوەی گووتی بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە ئاراراتەوە تاکو موخی و کێوی نورعابدین و ئەنزان و ...هتد شوێن و سنووری دەسەڵاتی گووتییەکان بووە. (حەبیبوڵڵای تابانی: ٢٠١٠، ٦٨) بەم پێیە وشەی گووتی لە جیهانی کۆندا ڕێک مانای وشەی کوردی ئەم ڕۆژگارەی هەبووە. لە کتێبی (کورد کێیە؟)دا ئەم بابەتە بەمجۆرە جەختی لەسەر کراوەتەوە کە بەپێی نووسینی بابلییەکان، مادەکان بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری سەر بە نەتەوەی گووتی بوونە، بۆیە زۆرجار لە تێکستەکانیاندا وشەی گووتیان لەبری میدی بەکارهێناوە. هەروەها سەرچاوە ئەرمەنییەکانی دوای سەدەی سێیەمی زاینیش زاراوەی کورد و مادیان لە بری گووتی بەکار هێناوە. (سۆران حەمەڕەش: ٢٠١٣، ١٥-١٦)

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم فەرمانڕەوایەتییە دێرینانەی کوردستان، بە کۆمەڵە زار و شێوەزارێکی سەر بە خێزانێکی زمانی دواون و زانایانی بواری زمانناسی ئەم خێزانە زمانییە بە زمانە زاگرۆسییەکان ناودەبەن. ((زمانی زاگرۆسی ئەو کۆمەڵە زمانانەن کە بەدرێژایی مێژوو و بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بە ناوچەکانی هەر دوو دیوی ئەم زنجیرە چیایەدا بڵاوبوونە. لە زمانی سۆمەری بگرە تاکو زمانی گووتی، میتانی، هیتی، ئیلامی، ماننایی، ئۆراڕتی، مادی (ئاڤێستایی) و ... هتد)). (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨، ١٤٧) لە بۆچوونی سەرەوەدا شێوەزار و زارەکانی ئەم فەرمانڕەوایەتییانە بە زمان دانراون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شێوەزارانەی لە سەردەمی ئەم میرنشینانەدا وەکو زمانی فەرمی کاریان پێکراوە، بەشێکی زۆریان شێوەزار و زاری سەربە زمانێکی گەورەترن کە هەمان گووتی یان کوردی بووە و بەشێکیشیان ئەو زار و شێوەزارانەن کە دواتر لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراوی وەکو زمانی تاتی، تالیشی، ئاسی، گیلەکی و ...هتد، درێژەیان بە بوون و گەشەی مێژوویی خۆیان داوە و ئەم زمانانەش لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە زۆر لە زمانی کوردی نزیکن و هۆکارەکەشی بۆ هاوڕیشەبوونیان لە سەردەمێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە. دیاکۆنۆف دەڵێ: تاتی، تالیشی و گیلەکی پاشماوەی زمانی مادین. (دیاکونوف: ٢٥٣٧، ٩٠) هەروەها (پییێر لۆکۆک)یش ئاماژە بەوە دەدا کە: ((ئەم زمانانە لەگەڵ زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، سەر بە یەک خێزانی زمانین)). (رودیگر اشمیت: ١٣٨٧، ٤٩٠) ئەم خێزانە زمانییە، لقی ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانن کە لە بنچینەدا بە هەر دوو بەشە باکووری و باشوورییەکەی، هەمان ئەو زمانانەن کە بە زمانە زاگرۆسییەکان ناسراون و لە قۆناغی نوێدا هەروەک ئاماژەی پێدرا زمانی کوردی، تاتی، تالیشی، گیلەکی، ئاسی و ... هتد لەخۆدەگرێ.

دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد دامەزراندنی یەکەیەکی سیاسی، ئابووری، سەربازی و کولتووریی مەزنی لە کوردستان

لـــێکەوتەوە کە ئەم یەکێتیـــیە پێویســـتیی دەسنیشـــانکردنی زمـــانێکی یەکگرتـووی هێنایەئـاراوە. لە کتێبی (مێژووی هـرۆدۆت)دا هـاتووە: دیـاکۆ وەکـو یەکەمـین فەرمـانڕەوای ئەم یەکێتییە دوای دەسـتبەکاربوونی وەکـو پاشـای وڵاتـی مـاد، کۆمەڵە یاسـایەکی سـەبارەت بە دەوڵەتەکەی دەرکـرد، یەکێک لەم یاسایانە سەبارەت بە پرسی داد و دادگەری بوو کە بەپێی ئەم یاســایە دەبـوایە خەڵکـی داواکانیـان بە شـێوەی نووسـراو پێشـکەش بە دەزگـای میریـی بـکەن و دیـاکۆش دوای هەڵسـەنگاندن و بەدواداچـوونی داواکان، بەشێوەی نووسراو وەڵامی داواکاران بداتەوە. (هیرودوت: ١٣٨٤، ج١، ٨٩) بەپێـــی ئەم دەقە مێـــژوویە دەردەکەوێ دیـــاکۆ بە مەبەســـتی ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری میـری، پەنـای بـۆ نووسـین بـردووە، بـۆیە لێـرەدا پێویستیی دەسنیشانکردنی زمانێکی هاوبەش و فەرمی بۆ دەزگـای میری دێـتە ئـاراوە. هەر وەک **ئیقـرار عەلییێـف** ئامـاژەی پێـداوە: لەنـاو یەکێتیـی هۆزەکـانی مـاددا ئەو شـێوەزارەی کە بەهێزتـر بـوو تـوانی وەکـو زمـانی هاوبەش دەرکەوێ. (اقرار علی‌یف: ١٣٨٨، ٣٤٥)

بەپێی بۆچوونی زۆربەی توێژەران، زمانی مادی هەمـان ئەو زمـانەیە کە ئەمڕۆ بە زمـانی ئاڤێستایی ناسـراوە. دیاکۆنۆف سـەبارەت بەم بـابەتە دەنووسـێ: بەوجۆرەی کە زۆربەی تـوێژەران لەسـەر زێدی زەردەشـت و ئاڤێســتا کـۆکن، بێگومـــان دەبـــێ ئاڤێســـتایی، زمـــانی مادەکـــان بـــووبێ. (دیاکۆنۆف٢٥٣٧، ٦٣-٦٤) لەلایەکی دیکەوە (زەبیحی سـەفا)ش ئەم بـابەتە دەورووژێنـێ و دەڵـێ: ((هەنـدێ لە تـوێژەران کە بەپێـی بەڵـگە دینییەکـان شـاری ڕەی یـان چەئیچەسـتە (ورمـێ – ڕەزایە) بە شـوێنی لەدایکبـوونی زەردەشت دەزانن، جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە زەردەشت لە ڕووی نەتەوەییـەوە مـادی بـووە و زمانەکەشـی هەمـان زمـانی مادەکـان بـووە)). (ذبیح صفا: ٢٥٢٥، ١٠) **حەبیبوڵلای تابانی** ئەم بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە و دەنووسـێ: زمـانی ئاڤێسـتا هەمـان زمـانی مـادە.(حەبیبـوڵلای تابـانی: ٢٠١٠. ١٨٨) جگە لەوە لە کتێبی (تـاریخ زبانهـای ایرانـی)دا هـاتووە: بەپێـی

توێژینەوە زمانناسییەکان دەردەکەوێ کە ((زمانی مادەکان زۆر لە زمانی (نووسینی دەقی) ئاڤێستا نزیک بووە)). (حسن باغبیدی: ١٣٨٨، ٥٤) هەروەها **ڕەفیق شوانی** ئاماژە بەوە دەکا کە زمانی ماد، زمانی فەرمی دەوڵەتی ماد بووە و ئاڤێستاش بە کۆنترین بەڵگەی نووسراوی ئەم قۆناغە دەزانێ. (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨، ١٢٨)

گرنگترین شێوەی زمانی، لەناو هۆزە یەکگرتووەکانی یەکێتیی مادەکان، زمانی ئاڤێستایی بوو. ئەو زمانەی کە لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز دەقی دینی کتێبی ئاڤێستای پێ تۆمارکرابوو و ئەمڕۆ بە زمانی ئاڤێستایی ناسراوە و لە بنچینەدا شێوەزارێکی کۆنی زمانی کۆنی کوردی بووە و لە سەردەمێکی مێژوویيدا بە زمانی فەرمی و دینی یەکێتییەکی سیاسی– کۆمەڵایەتی پەسند کراوە. (فرهاد عزیز: ٢٠١٧، ٢٥٠-٢٥١) بۆیە لەم ناوەندەدا شێوەی زمانی ئاڤێستا بە زمانی فەرمی و هاوبەشی ئەم ئیمپراتۆرییەتە هەڵبژێردرا. ((زمانی هاوبەش یەکێکە لە شێوە باوەکانی ناو هەرێم و نیشتمانێک کە بەپێی پێویستی وەکو هۆکاری پەیوەندیی نێوان ئەو تیرە و هۆزانەی کە لە زۆر ڕووەوە هاوبەش و هاوپشکن، گشتاندنی بۆ دەکرێ و بۆ ڕاییکردنی کاروباری هاوبەشی نێوانیان بەکار دەهێنرێ)). (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣، ٨٤)

شێوەی ئاڤێستایی لەگەڵ شێوەکانی دیکەی ناو ئەم یەکێتییە لە ڕووی پێکهاتە و تایبەتمەندیی زمانیی هاوڕیشە و سەر بە کۆمەڵەیەکی خێزانیی فراوانتر بووە، ئەگەر بەوردی پشکنین لەسەر بەرهەمی ئەدەبی یان نووسرای سیاسی و ئابووریی تایبەت بە هەریەک لەم میرنشینانە بکرێ، بەدیار دەکەوێ کە سەرجەمیان لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە سەر بە زمانێکی دیاریکراون کە دواتر بەسەر یەکەوە خێزانێکی زمانی پێکدێنن و زمانناسان بە زمانە زاگرۆسییەکان ناویان دەبەن. لە ئەنجامی پشکنین و بەراوردکردنی هەریەک لەم زار و شێوەزارانە لەگەڵ زار و شێوەزارەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی ڕەهەندەکانی مێژووی گەشەی

زمـانی کـوردی ڕوون دەبێـتەوە. لە کتێبـی (کـورد کێـیە؟)دا ئەم بـابەتە بەشێوەیەکی ورد و سەرەنجڕاکێش جێبەجێ کراوە.

هەروەک چۆن لە مێژووی شارستانییەتدا شێواز و پێویستییەکانی ژیان بەپێی ساتە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەردەوام لە گەشـەدا بـووە، زمـانیش وەکـو ئـامرازێکی مرۆیـی بەردەوام لە گەشـە و گۆڕانـدا بـووە؛ بـۆیە **پەرویـز ناتـل خـانلەری** پێیـوایە، هەر جـۆرە گۆڕانکـارییەک لە ئاسـتی کـۆمەڵگەدا ڕووبـدا، بێگومـان پێویسـتییەکانی کۆمەڵگەش گۆڕانیان بەسەردا دێ و بەم چەشنە زمانیش وەکو ئامرازی پەیوەنـدی و پێویسـتی ژیـانی مـرۆڤ لەم یاسـایە بەدەر نیـیە و گشـت زمانێک لە هەموو سەردەمێکدا گۆڕانی بەسەردا دێ. (پرویز ناتل خانلری: ١٣٦٥، ٧٦) بۆیە لە دونیادا زمانێک بەدی ناکرێ کە بە درێژایی مێژووی ژیاریی ئاخێوەرانی لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ بە پرۆسەی گەشە و گۆڕانی زمـانی لەسـەر ئاسـتە جیاوازەکـانی زمانـدا تێـپەڕ نەبـووبێ. ئاشـکرایە زۆربەی زمانەکان بەپێی سەردەم و ژینگەی ئاخێوەران بەر کاریگەریی گـۆڕان و گەشـەی زمـان کەوتـوون. بە مانـایەکی دیـکە کـات و شـوێن کاریگەرییـان لەسـەر چـۆنیەتیی گـۆڕان و گەشـەی زمانـدا هەیە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئاستی ئەم گەشە و گۆڕانە بەپێی کات و شوێن یان ژینگە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و لە زار و شێوەزارێکەوە بۆ زار و شێوەزارێکی دیکە جیاوازە. لێرەدا پێویستە قۆناغەکانی گەشەی زمانی کوردی دەستنیشان بکرێن.

لەبەر ڕۆشـنایی دابەشـکردنی مێـژووی گەلـی کـورد دەکـرێ زمـانی کـوردیش بـۆ قۆنـاغ و وێسـتگەی جیـاواز دابەشـبکرێ. لەم تـوێژینەوەیەدا بەپێـی بەڵگەنـامە مێژوویـی و سیاسـی و بەرهەمە ئەدەبـی و دینییەکـان، زمانی کوردی بەسـەر سـێ قۆناغدا دابەش دەکرێ و لەم سـێ قۆنـاغەدا ڕەهەندەکانی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی بەڕوونی بەدیار دەکەون. ئەم سێ قۆناغە بریتین لە:

١-قۆناغی کۆن      ٢- قۆناغی ناوەڕاست   ٣- قۆناغی نوێ

دەسنیشانکردنی ئەم سێ قۆناغە بۆ زمانی کوردی لەسەر بنەمای ڕادە و ئاستی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بەپێی بەرهەمە ئەدەبی، سیاسی، ئابووری، دینی و ... هتد بەڕێوەدەچێ. لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا ژمارەیەک لەم بەرهەمانە لێکدەدرێنەوە و شیدەکرێنەوە.

قۆناغی کۆنی زمانی کوردی لە سەردەمی گووتی تاکو کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی مادەکان دەگرێتەوە و گرنگترین بەرهەمی نووسراوی ئەم قۆناغە کتێبی ئاڤێستایە. قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەکان تاکو دوو سەدە پاش کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان دەگرێتەوە. گرنگترین بەرهەمە نووسراوەکانی ئەم سەردەمە لە کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی و ئایینی پێکهاتوون و بەرهەمەکان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانی و ساسانییەکان و دوو سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەڕێنەوە. قۆناغی نوێی زمانی کوردی لە پاش هاتنی ئیسلام و بە شێوەیەکی وردتر لە دوای سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی دەسپێدەکا و تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە و کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبیی جۆراوجۆری پێ تۆمارکراوە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە تێر و تەسەل باسیان لێوەکراوە. بەپێی ئەو بەرهەمانەی لەم سێ قۆناغەدا بەردەست کەوتوون و ئەو شێوازە زمانییەی کە لە نووسینی دەقەکاندا بەکارهاتوون، هەر یەک لەم قۆناغانە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەکرێنەوە:

قۆناغی کۆن: (گووتی- مادی) ئاڤێستایی کۆن و نوێ

قۆناغی ناوەڕاست: کوردیی باکووری (ئەشکانی) و کوردیی باشووری (ساسانی)

قۆناغی نوێ: سەرجەم زار و شێوەزارەکانی ئێستای زمانی کوردی (فرهاد عزیز: ٢٠١٣، ١١٧)

**زمانی کوردی لە قۆناغی کۆندا**

زمان بەهۆی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە بەپێی پێویستیی مرۆڤ بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و شێوازی حوکمڕانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ڕاستەوخۆ کار لەسەر زمان دەکەن. هەروەک باسکرا، دامەزراندنی دەوڵەتی مادەکان لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە میرنشینێک لە کوردستانی ئەوسادا پێویستیی زمانێکی یەکگرتوو و فەرمی بەدوای خۆیدا هێنا. لەم ناوەندەدا ئەو شێوازە زمانییەی کە دەقی دینی پێ داڕێژرابوو پتر لە شێوەکانی دیکە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە هاوبەشانی حوکمڕانی لەسەری ڕێککەون. بۆیە بە بڕیارێکی سیاسی، ئەو شێوە زمانییەی کە دەقی ئاڤێستای پێ داڕێژرابوو، وەکو زمانی فەرمی دەوڵەتی مادەکان ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. لەم سات و ئانە مێژووییەدا کە گەلی کورد دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بۆ ڕەخسابوو، زاری ئاڤێستایی وەکو زمانی نەتەوەیی و فەرمی بڕیاری لەسەر درا.

زاری ئاڤێستایی وەکو بنەمایەک بۆ دەسنیشانکردنی زمانی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا کەسایەتییەکی دیار بە زمانی کوردی دەبەخشێ و بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتردا لەگەڵ ئاڤێستایی، زەمینەیەکی لەبار بۆ تویژینەوە لەسەر ڕەهەندەکانی گەشەی مێژووی زمانی کوردی دێتەئاراوە. بەپێی ئەم زەمینەیە ئاشکرا دەبێ کە زمانی کوردی لە ڕێڕەوی مێژووی گەشەی زمانیدا بە هێڵێکی ڕاست و دروستدا هاتۆتە خوارەوە و لە قۆناغی کۆندا کە (کوردی- ئاڤێستایی) بووە، بەهۆی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتی

مادەکـان وەکـو زمـانێکی بەهێـز و یەکگرتـوو دەردەکەوێ و لەسـەرجەم هەرێم و ناوچەکانی کوردستانی ئەوسادا بە پێڕەوی ئاڤێستا دەقی ئەدەبی و دینی پێ تۆماردەکرێ.

ئەو دەقانەی کە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی مادەکان لە کوردسـتاندا بە ناونیشـانی دەقەکـانی ئاڤێسـتا تۆمـارکراون، بەڵـگەی سـەلمێنراون بـۆ هەبـوونی زمـانێکی یەکگرتـوو. ئاڤێسـتا زۆربەی ئەو داسـتان و ئەفسـانە دێرینـانە لەخـۆدەگرێ کە لە نـاوچە جیاوازەکانی کوردسـتان تۆمـارکراون، وەکـو داسـتانی قارەمـانییەتی (کەیخەسـرەو) لە کەنـاری دەریـاچەی چەئیچەستە (ورمـێ)، ئەفسـانەی خواوەندی میترا لە ناوچەکانی جزیـرە و بۆتان، ئەفسانەی خواوەندی ئاناهیتا لە کەنگاوەر و ... هتد. **هاشم ڕەزی** ئامـاژە بەوە دەدا کە ئەم زمـانە لە دوای ڕووخـانی مادەکـان هەر بەردەوامـی بەبـوونی خـۆی داوە و دەنووسـێ: ئەم زمـانە دوای ڕووخـانی دەوڵەتـی مادەکـان لەلایەن ئەخمینییەکـان وەکـو زمـانی دیـن و دەسـەڵات سوودی لێوەرگیراوە. بەپێی بەڵگە مێژووییەکانی ئەم سـەردەمە، مەگەوەن (موغەکـان) کە لە نەژادی خـانەدانی مادەکـان بـوون لە دیـوانی دەسـەڵاتدارییەتی ئەخمینییەکان پلەی بەرزی پێشـەوایی دینیـان لە ئەسـتۆ بـووە (هاشـم رضـی:١٣٨٤، ١١٦) و ئەوانـیش بەردەوام هەوڵـی پاراسـتنی زمـانی ئاڤێسـتایان داوە؛ بەڵام دوای ڕووخـانی دەوڵەتـی ئەخمینـی لەسـەر دەستی ئەسکەندەری مەقدوونی، دیـن و دەوڵەت لێکترازان (رحـیم عفیفـی: ١٣٧٣، ٢٢) و زمـانی ئاڤێسـتایی لە نـاوچە کوردنشـینەکاندا وەکـو زمـانی نەتەوەیـی درێـژەی بە بـوونی خـۆی دا، هەرچەنـدە بەدرێژایـی دەسـەڵاتدارییەتی ئەسـکەندەر و جێگرەوەکـانی ئەم زمـانە تـاڕادەیەک بەر کاریگەری زمانەکانی دیکە کەوت، بەڵام لەسـەر ڕەوتـی گەشـە و گۆڕانی زمانی خۆی هەر بەردەوام بوو.

## قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی

لە ڕۆژگاری ئەشکانیدا جارێکی دیکە زمانی کوردی گرنگی پێدرا و بووژایەوە. لەم سەردەمەدا شێوەیەکی گەشەسەندووی ئاڤێستایی کە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان گەشەی کردبوو، ئەدەب و دەقی دینی پێ تۆمارکرا. لەم تویژینەوەیەدا ئەم زارەی زمانی کوردی بە (کوردیی ئەشکانی) یان (کوردیی باکووری) ناونراوە و کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی پێ تۆمارکراوە و هەر لەم سەردەمەدا بۆ یەکەمینجار بڕیاری کۆکردنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوەی ئاڤێستا درا. گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم زارەی زمانی کوردی بریتین لە: داستانی (ئەیاتگاری زەریر)، (درەختی ئاسووریک) و ژمارەیەک دەقی دینی مانەوی و قەواڵەکامی هەورامان کە لەم تویژینەوەیەدا چەند نموونەیەکی ئەم دەقانە دەنووسرێنەوە. لە ناوەڕاستی سەردەمی قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی شێوەیەکی دیکەی زمانی کوردی کە لە خوارووی کوردستاندا گەشەی کردبوو، ئەدەب و دەقی دینی پێنووسراوە، ئەم زارە کوردییە بە (کوردیی ساسانی) یان (کوردیی باشووری) ناونراوە. ژمارەی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و دینییانەی کە بەم شێوازە نووسراون یەکجار زۆرن. کتێبی (ئەرتای ڤیرازنامەگ)، (کارنامەکی ئەردەشێری پاپکان)، (بنی داهێشن) و ... هتد لە ڕیزی ئەم بەرهەمانەن و لەم تویژینەوەیەدا چەند دەقێکی ئەم قۆناغە وەکو نموونە دەنووسرێنەوە.

ئەم دوو زارەی قۆناغی ناوەڕاست لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی ئاڤێستایین بە هەر دوو شێوە کۆن و نوێکەیەوە. زاری باکووری دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەشکانی لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی باکووری کوردستان لە پەراوێزی زاری باشووری ئەدەب و بەرهەمی پێ تۆماردەکرا، بەڵام زاری باشووری تاکو کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی ساسانی وەکو زمانی فەرمی ئەم ئیمپڕاتۆرییەتە بەردەوام بوو و دوای هاتنی ئیسلام و ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی تاکو

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیش لەلایەن پێشەوایانی دینیی زەردەشتی بەرهەمی دینی پێ نووسراوەتەوە. وەکو دەقی شیعری ڤەرەهرامی هەرژیوەن کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو. جگە لەوە ئەو ئەدەبەی کە لە مێژووی ئەدەبیدا بە فەهلەویات ناسراوە، بە شێوەزارە جیاوازەکانی ئەم دوو زارە کۆنەی کوردی نووسراون.

**قۆناغی نوێی زمانی کوردی**

لە قۆناغی نوێی زمانی کوردیدا بەهۆی نەمانی کیانی سیاسیی کوردی، ئەم زمانە لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی کوردستاندا بەر کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی نوێ دەکەوێ و کۆمەڵە زار و شێوەزارێکی لێوە دروست دەبێ کە ئەمڕۆ بەسەر چوار زاری سەرەکی و دەیان شێوەزاری لاوەکی و ناوچەیی دابەش دەکرێن. لەم قۆناغەدا شێوەزارەکانی زاری سەرووی زمانی کوردی لە ڕووی تایبەتمەندی و پێکهاتەی زمانییەوە، میراتگری کوردیی ئەشکانین و زاری خوارووش میراتگری کوردیی ساسانین. بە مانایەکی دیکە لە ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردیدا تایبەتمەندییەکانی شێوەی ئاڤێستایی بۆ هەر دوو زاری کوردیی ئەشکانی و کوردیی ساسانی گواستراونەتەوە و دواجار ئەم تایبەتمەندییانە لە قۆناغی ناوەڕاست بۆ قۆناغی نوێ و سەرجەم زار و شێوەزارەکانی ئێستای زمانی کوردی گواستراونەتەوە. هەر یەک لە شێوەکانی ئەشکانی و ساسانیش بەسەر چەندین شێوەزاری دیکەدا دابەش دەبن کە وەکو لقی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە سەردەمی نوێی زمانی کوردیدا کۆمەڵێک شێوەزاری دیار و ناسراو بەدیدێنن.

لێرەدا پەیوەندیی نێوان زمانی ئاڤێستایی و زمانی کوردی بەپێی گەشەی مێژوویی زمان ڕوونبووەوە و دەرکەوت کە زمانی ئاڤێستایی بۆ کوردیی ئەشکانی و ساسانی و لەوێشەوە بۆ سەرجەم زار و

شـێوەزارەکانی ئێسـتای زمـانی کـوردی لە گـۆڕان و گەشـەی مێژوویـی خۆیـدا بەردەوام بـووە. بـۆیە بەشـێکی زۆری تایبەتمەنـدییەکانی قۆنـاغی کۆن و ناوەڕاستی زمانی کوردی وەکو تایبەتمەندیی ڕەگەز (نێر و مێ) تایبەتمەندیی گەردانکردنی (ناو و ئاوڵناو) و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیکە لە چوارچێوەی زار و شێوەزارەکانی ئێستای زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە شێوە سەرەکییەکانی وەکو هەورامی، زازایی، لۆری، بۆتانی، سۆرانی و ... هتد بەدی دەکرێن.

**ئەدەبی کوردی**

بەهـۆی زمـانەوەیە کە ئەدەب بە هەر دوو شـێوەکەی واتـا زارەکـی و نووسـراو بەرهەم دێ. ئەدەبـی کـوردیش هاوتەریـب لەگەڵ مێـژووی گەشەی زمانی کوردی لە گۆڕان و گەشەدا بووە. هەروەک ئاشکرایە، بەر لەوەی نووسین پەیدا ببێ ئەدەب بە شێوەی زارەکی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم هـاتووە و دواجـار لەگەڵ داهێنـانی نووسـین شـێوازی نووسـراوی وەرگرتـووە. ئەدەبـی زارەکـی کـوردی ئەدەبێکـی یەکجـار کـۆنە و نـاکرێ مێژوویێکی دیاریکراوی بۆ دەسنیشانبکرێ، بەڵام بە شـێوەیەکی بەرفراوان بۆ یەکەمین جار ئەم ئەدەبە لە چوارچێوەی ئاڤێستادا شـێوەی نووسـراوی وەرگرتووە.

ئاڤێسـتا جگە لەوەی کە دەقێکـی دینـی پیـرۆزە، بەرهەمێکـی نـاوازەی ئەدەبیشە، چونکە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی گەلی کوردی تێدا تۆمارکراوە؛ لە هەمـان کاتیشـدا لەسـەر بنەمـای هونەرە ئەدەبییەکـان وەکـو ڕەوانبێـژی و کـێش و سـەروا داڕێـژراوە. زۆربەی زانایـانی زمانناسـی ئاماژەیـان بەوە داوە کە بەشـە جیاجیاکـانی کتێبـی ئاڤێسـتا بەپێـی کـێش و سـەروا و لەسـەر بنەماکـانی هـونەری شـیعری داڕێـژراون. بـۆ نمـوونە **ویلیـام جەکسـۆن** دەڵـێ: بە شـێوەیەکی گشـتی سـەرجەم بەشـە کۆنەکـانی ئاڤێسـتا کـێش و هـونەرە ئەدەبییەکانیـان تێـدا

پەیڕەوکراوە، بەڵام لە بەشە نوێیەکاندا تەنیا لە هەندێ شوێن ئەم ڕێسا ئەدەبییانە بەرچاو دەکەون. (Williams Jackson: 1892, 22-23) ئەم کتێبە دینی-ئەدەبییە وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی قۆناغی داهاتووی زمانی کوردی سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان، گرنگی پێدەدرێ و لەژێر کاریگەریی زمان و شێوازی ئەدەبیی ئەم دەقە، دەیان بەرهەمی ئەدەبی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلام لە کوردستاندا بەرهەم هاتوون.

بەداخەوە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی تەنیا گرنگییان بە ئەدەبی کوردی قۆناغی نوێی زمانی کوردی داوە و ئەدەبی قۆناغی کۆن و ناوەڕاستیان پشتگوێ خستووە، لە کاتێکدا ئەدەبی نووسراوی کوردی بۆ نزیکەی هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. هۆکارەکەشی بۆ شارەزانەبوونی زمانناسانی کورد دەگەڕێتەوە لە بواری زمانە کۆنەکان.

بە درێژایی مێژووی هەر سێ قۆناغی زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی چ زارەکی چ نووسراو، بەرهەمی ناوازەی پێ تۆمارکراوە و لە هەر یەک لەم قۆناغانەش ئەم ئەدەبە خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بووە و ئەم تایبەتمەندییە ئەدەبییانە هاوتەریب لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانییەکان بۆ قۆناغەکانی دوای خۆیان گواستراونەتەوە و کەم و زۆر کاریان لە ئەدەبی قۆناغی دواتر کردووە. ئەم کاریگەری و کارتێکردنە لەسەر چەندین ئاستی جیاوازدا دەردەکەون کە بریتین لە:

١-ئاستی وشە


٢-ئاستی مانا (ناوەڕۆک)

٣-ئاستی هونەری

لەم دەرفەتەدا بە مەبەستی پتر ڕوونبوونەوە و دەرکەوتنی پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا و هەروەها پیشاندانی ئاست و ڕادەی گەشەی مێژوویی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەر بنەمای سێ ئاستی سەرەوەدا چەند دەقێکی قۆناغی کۆنی زمانی کوردی لە کتێبی ئاڤێستا و چەند دەقێکی جیاوازی قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی شێوەی ئەشکانی و ساسانی شیدەکرێنەوە.

### دەقی دینی- ئەدەبی قۆناغی کۆنی زمانی کوردی

کتێبی ئاڤێستا کە لە چەندین بەشی جیاواز پێکهاتووە، کۆنترین بەرهەمی دینی، فەلسەفی، ئەدەبی، زانستی، ئەفسانەیی و ...هتد گەلی کوردە کە وەکو میرات و سامانێکی نەتەوەیی بەشێکی زۆری کولتوور و شارستەنییەتی ئەم نەتەوەیەی پاراستووە. لێرەدا دوو دەقی شیعری لە ئاڤێستاکەی چاپی گێڵدنێر دەگوازرێنەوە. لە بەشی گاتاکان، هائیتی ٤٦، بەندی ١دا کە بە شێوەی ئاڤێستایی کۆن نووسراوە، هاتووە:



[Karl. F. Geldner I: 1886, 159]

| | |
|---|---|
| Kam Nemooi Zam Kutra Nemooi Ayenî<br>Pairî Xwaêteeuş Airyamnasça Dadaitî<br>Nooit Ma Xşnauş Ya Werezeena Heeça<br>Naêda Daxiyeeuş Yooi Sastaroo Dregvaantoo<br>Katw Twa Mazda Xşnaooşaî Ahura | بۆ کام زوی ڕێ بنوێنم بۆ کوێ ڕێ بگرمە بەر<br>دوورم دەکەنەوە لە خویشان و هاوڕێیانم<br>هیچ خۆشییەک لە هاوکارانم بە من نەدرا<br>نە لە لایەن سەروەرانی دێیەکان کە لایەنگری درۆن<br>چۆن تۆ ئەی مەزدائەهوورا دڵخۆش بکەم. |


| کوردی ئاڤێستایی | لاتین نووس | مانا | کوردی ناوەڕاست | کوردی نوێ |
|---|---|---|---|---|
| [illegible] | Kam | کامە | کامەک، کام | کامە |
| [illegible] | Nemooi | ڕێنوێنی | نیما | ڕێنمایی، ڕێنوێنی |
| [illegible] | Zam | زەوی | زەم | زەوی، نیشتمان |
| [illegible] | Kutra | کوێ | کودا | کوێ |
| [illegible] | Xwaêteeuş | خۆیی | خویش | خۆیی، خزم، خویش |
| [illegible] | Airyamnasça | هاوڕێ | ئێری | ئارا، هاورا، هاوڕێ |
| [illegible] | Xşnauş | خۆشی | خوەشنوود | خۆشی |
| [illegible] | Werezeena | هاوکار | ڤەرزیگەر | وەرزێر، هەرەوەز |
| [illegible] | Naêda | نە، نەک | ناک، نەک، نە | نەک، نەکو، نە |
| [illegible] | Daxiyeeuş | دێ، گوند | دەهی | دێ، گوند |
| [illegible] | Sastaroo | سەروەر | سارتار | سەروەر، سەردار |
| [illegible] | Dregvaantoo | درۆزن | درۆژن، درۆجن، درۆگ وەنتو (وەنت، ڤەنت) | درۆزن، درەڤ، درۆ وەنتو (مەند، وەن، وان، ڤان) |
| [illegible] | Katwa | چۆن | چیکون، چیگون | کوو، چۆن، چلۆن |

بە وردبــوونەوە لەم دەقە دەکــرێ ڕەهەنــدەکانی گــۆڕان و گەشــەی زمـانی کـوردی لە هەر سـێ ئاسـتدا دەسنیشـانبکرێن. ئەم پـارچە شـیعرە گاتاییە، کۆمەڵێک وشەی تێدا بەکاربراوە کە لە هەر دوو قۆنـاغی دواتـردا واتـا ناوەڕاسـت و نـوێی زمـانی کوردیـدا چ لە ڕووی شـێوە و چ لە ڕووی ماناوە، هەندێ جار بەبێ هـیچ گۆڕانێـک و هەنـدێ جـار بە گـۆڕانێکی کەم بەکاربراون. هەروەهـا چەنـد وشـەیەکیشـی تێدا بەدیـدەکرێن کە دەکـرێ لە ڕێگەی زانستی ئیتمۆلـۆجی و دەسنیشـانکردنی (دی. ئێن. ئەی)ی وشـەوە،

چۆنیەتی گۆڕان و سیما نوێیەکەی لە زمانی ئێستای کوردیدا بناسرێتەوە. لە ئاستی هونەریدا بنەماکانی هونەریی شیعری لە کێش و سەرواوە بگرە تاکو ڕەوانبێژی، بوونەتە هۆی ڕازاوەیی و کاریگەربوونی ئەم دەقە. ئەم شیعرە گاتاییە لە پێنج نیوە دێڕ پێکهاتووە و کێشەکەی بڕگەییە و هەر یەک لە نیوە دێڕەکانی لە (١٢) بڕگە پێکهاتوون و بە شێوەی (٥+٧) بڕگەیی دابەشبووە، واتا وەستان لە بڕگەی پێنجەمدایە. لە ڕووی سەرواوە دوو نیوە دێڕی یەکەم هاوسەروان و دوو نیوە دێڕی سێیەم و پێنجەمیش هاوسەروان.












تایبەتمەندیی کێشی بڕگەیی ئاڤێستایی کە کۆنترین بەرهەمی دینی – ئەدەبیی گەلی کوردە، بۆ قۆناغی ناوەڕاست پەڕیوەتەوە و کۆمەڵە دەقێکی کوردیی ئەشکانی و ساسانی لەسەر بنەمای کێشی بڕگەیی دانراون، وەکو درەختی ئاسووریک، ئەیاتگاری زەریر و ...هتد. دواتر ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەدەبی کوردی قۆناغی نوێش گواستراوەتەوە، بۆ نموونە دەقە دینی – ئەدەبییەکانی یارسان و ئەدەبی زاری هەورامی و هەندێ شێوازی شیعریی زار و شێوەزارەکانی دیکەی کوردی لە قۆناغی نوێی زماندا لەسەر بنەمای کێشی بڕگەیی بنیات نراون.

لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا کە بەشێکە لە دەقی یەشتەکانی ئاڤێستای نوێ و بە شێوەی ئاڤێستایی نوێ داڕێژراوە، تایبەتمەندییە جیاوازەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی کۆن بەرجەستە دەکا. لەم یەشتەدا کە بە ناوی ئیزەدی (ئەردەڤی سوور ئاناهیتا)یە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان وەسفی جوانییەکانی ئەم ئیزەدە کراوە. ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە لە کەرتی ٣٠ی بەندی ١٢٨ی ئەم یەشتە هەڵبژێردراوە:



[Geldner II: 1889, 101]

| | |
|---|---|
| Upairi Pusanm Ba'andayata | لە سەر سەری تاجێکی داناوە |
| Aredvî Sûra Anahita | ئەردەڤی سوور ئەناهیتا |
| Satoo–Staranghanm Zaranaênîm | سەت ئەستێرەی زێرینی پێوەیە |
| Aşta–Kaojdanm Rata–kairyanm | هەشت کەژی درووستکراوی وەک ڕەورەوەی هەیە |
| Drafşakavaitîm Srîranm | بە درووشم و پەڕەی لەرزانە ڕازێنراوەتەوە |
| Anupooitwaitîm Hukeretanm | بەناسکی و جوانی باش درووستکراوە |

| کوردی ئاڤێستا | لاتین نووس | مانا | کوردی ناوەڕاست | کوردی نوێ |
|---|---|---|---|---|
|  | Upairi | لەسەر | بەر | سەر، بەر |
|  | Pusanm | تاج | سانگە، سان | سان، تاج |
|  | Ba'andayata | داێناوە | بەندیگ، بەندیت | بەندکردن، دانان |
|  | Satoo | سەت | سەتە | سەت، سەد |
|  | Staranghanm | ئەستێرە | ستێرگ، هەستێرەگ | ئەستێرە، ئەستێر، ستێر |
|  | Zaranaênîm | زێڕین | زێرینەک، زەرینەگ، زەر | زێڕین، زەرد، زەر |
|  | Aşta– | هەشت | ئەشتە | هەشت |
|  | Kaojdanm | کەژ، کەرت | کەژە، کەستەگ، کوستەک | کەژ، کەرت، پارچە، کەستەک |
|  | Rata | ڕەورەوە | ڕەوەندەک، ڕەوانەگ، ڕەوەندیتە | ڕەورەوە، ڕەوان، ڕەوت، ڕۆیین |
|  | Kairyanm | کردن | کەرتن، کرتن | کردن، کرن، دروستکردن |
|  | Drafşakavaitîm | درووشم | درەفشەک | درووشم |

ئەم دەقە شیعرییەی بەشی یەشتەکانی ئاڤێستا ئاستی گەشە و گۆڕانی وشە و دەستەواژەکان و باری واتاکانیان بەدیار دەخا. بە بەراوردکردنی هەر یەک لەم وشانەی کە لە خشتەی سەرەوە دەبینرێن هەندێ جار وەکو خۆیان و هەندێ جار بە کەمە گۆڕانێک بە ڕێڕەوی گەشەی زمانیدا تێپەڕیون و لە قۆناغی کۆن بۆ ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ قۆناغی نوێی زمانی کوردی پەڕیونەتەوە. بە وردبوونەوە لەم وشانە و سەرنجدان بە واتاکانیان، دەردەکەوێ کە ئەم گەشە و گۆڕانەی کە لەم ئاستەدا بەدی دەکرێ بە هێڵێکی ڕێک و بەپێی ڕێچکەیەکی زمانی و بە پێی توانست و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ڕوویانداوە.

بنەماکانی هونەری لەم دەقەدا ئەوە پیشان دەدەن کە ئەم پارچە شیعرەی ئاڤێستای نوێ لەسەر بنەمای کێشی بڕگەیی داڕێژراوە و هەر یەک لە نیوەدێڕەکان لە (١١) بڕگە پێکهاتوون و وەستان لە بڕگەی شەشەم دەردەکەوێ، بۆیە بڕگەکان بەسەر (٦-٥) دابەش دەبن. لە ڕووی سەروابەندییەوە دوو نیوە دێڕی یەکەم هاوسەروان و هەر چوار نیوە دێڕەکەی دیکەش هاوسەروان و سەرواکەیان لەگەڵ دوو نیوە دێڕی یەکەم جیاوازە.

## دەقی دینی- ئەدەبی قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی

لە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا چ بە شێوەی باکووری چ بە شێوەی باشووری، دەقی ئەدەبی زۆر گرنگ لە بەردەستدان و ئەمەش بەردەوامبوونی ڕەوتی ئەدەبی لەم قۆناغە، پیشاندەدا. زمانی دەقەکانی ئەم قۆناغە شێوە گەشەکردووەکەی ئاڤێستاییە و بە بەراوردکردنی وشە و دەستەواژەکانی ئەم دەقانە لەگەڵ وشە و دەستەواژەکانی دەقی ئاڤێستاییدا ئەم ڕاستییە بەدیاردەکەوێ. توێژەران و زمانناسانی ئەورووپی و ئەمریکی ئەم دەقانەیان بە دەقی پەهلەوی ناوبردووە و ئێرانییەکانیش هەر بە هەمان شێوە بە دەقی پەهلەوی ناویان دەبەن. بۆ

نموونە بەپێی کتێبی (مێژووی ئەدەبی ئێران) نووسینی (زەبیحوڵڵای سەفا) ئەم دەقانە بە زمانی پەهلەوی ناسراون (ذبیح‌الله صفا: ١٣٩١، ٥٥) و هۆکاری ئەم ناونانە بۆ جوگرافیای ئەم زمانە دەگەڕێتەوە. لە پاش هاتنی ئیسلام ئەدیب و نووسەر و پێشەوایانی دین کە لە ناوچەکانی (پەهلە یان فەهلە) ئەرکی نووسین و پەروەردەیان لە ئەستۆ بووە هەر بەم شێوە زمانە بەرهەمەکانیان نووسیوە. ناوچەی پەهلە یان فەهلە بەپێی جوگرافیای سەردەمی ئیسلامی بەو ناوچانە دەگووترێ کە زمانی نووسین و گفتوگۆ هەمان کوردیی باکووری و باشووری یان پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی بووە؛ بۆیە **پەروێز ناتل خانلەری** دەنووسێ: ((وشەی پەهلەوی یان فەهلەوی لە بەرامبەر وشەی فارسی و دەری بەکار دەبرێ و بە مانای ئەو زار و شێوەزارانەن کە لە ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران قسەیان پێدەکرێ)). (پرویز ناتل خانلری: ١٣٦٥، ٢٠٥)

لە دوای هاتنی ئەسکەندەر و دواتر لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا ئەم ناوچەیەی کە دواتر پەهلەی پێگووتراوە بە هەرێمی مادی ئاترۆپات ناسراو بووە و مێژوونووسان بە مادی بچووک دەیناسێنن کە ئەمڕۆ بەشێکی ئەم هەرێمە بە ئازەربایجان و بەشێکی دیکەی بە کوردستان ناسراوە. ((لە سەردەمی ئەخمینیدا ماد دەیەمین ویلایەتی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بووە و جگە لە هەرێمی دەسەڵاتدارییەتی پێشووی ئیمپڕاتۆرییەتی ماد، ناوچەکانی ئازەربایجان و هەرێمەکانی پاریکانی و ئورتوکوریبیانیش دەگرێتەوە)). (اقرار علی‌یف: ١٣٩١، ٧٧) (محمد جواد مشکور) لە کتێبی (نظری به تاریخ آذربایجان)دا دەنووسێ: ((خەڵکی ئازەربایجان لە ڕۆژگاری ئیسلامدا زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە کە نووسەرانی ڕۆژگاری ئیسلام بە زمانی (فەهلەوی) ناویان هێناوە. فەهلەوی بە عەرەبی کراوی پەهلەویی و بە مانای (پارتی) و ئەشکانییە و ئەم ناوە بۆ هەرێمی پەهلە دەگەڕێتەوە و لە ڕۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکاندا لەم ناوچانە خەڵکی بە شێوە زمانی پەهلەویی باکووری


دەدوان. لەبەر ئەوەی مادەکان لەم ناوچەیە دەسەڵاتدار بوونە، دەشێ ئەم زمانە پەهلەوییە لە زمانی مادیە کۆنەکەوە سەرچاوەی گرتبێ)). (محمد جواد مشکور، ١٣٧٥، ١٨٣) لە کتێبی (الفهرست)دا دەڵێ: ((پەهلەوی پەیوەستە بە ناوچەی پەهلە کە لە پێنج شار پێکهاتووە: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماەنهاوند و ئازەربایجان)). (ابن ندیم: ١٣٨١، ٢٢) هەروەها ئەحمەد تەفەززولیش سەبارەت بە یەکبوونی نیشتمانی ماد و پەهلە دەنووسێ: ((بەکارهێنانی وشەی فەهلە یان پەهلە Pahlav بۆ ناونانی نیشتمانی ماد بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە. (احمد تفضلی: ١٣٨٥، ١١٩) جگە لەوە (مارکوارت)یش ئاماژەی بەم ڕاستییە داوە و زمانی پەهلەوی کە لە ناوی نیشتمانی مادەکانەوە وەرگیراوە بە زمانی ئەشکانی ناو دەبا و دەڵێ: ((لە بنچینەدا زمانی پەهلەوی، زمانی ئەشکانییەکان بووە)). (J. Marquart: 1901, 123) بەکورتی بەهۆی ئەوەی فەهلەویات پاشماوەی زارەکانی زمانی مادە، لەگەڵ زمانی ئەشکانی یەکدەگرنەوە، هاوبەشییەکان یەکجار زۆرن بۆ نموونە، دوو شێوەی (ئەز، من: من)، (ژامن، جامن: یامن، هی من)، (هەژ، ئەژ و هەچ: هەژ، لە)، (ئەسر: ئەسرین و فرمێسک)، (بان: بەرز و سەر)، (گیان، گان و یان: گیان)، (کیژ، کوام: کیشک و کام)، (ڕێژ: ڕێشتن)، (ڕۆژ، ڕووژ، روو: ڕۆژ)، (ڤاژ، ڤاتن: بێژ، وێژ و گووتن)، (خوڤا: خودا)، (خڤاز: خواز، خواستن)، (زیڤەندە، زیوەندەگ: زیندەوەر). (احمد تفضلی: ١٣٨٥، ١٢٢)

لە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی کۆمەڵێک دەقی گرنگی دینی، ئەدەبی، بازرگانی، سیاسی و ... هتد بۆ ئێمە بە میرات ماونەتەوە. زۆری و جۆراوجۆریی ئەم دەقانە پیشاندەری قۆناغی شکۆمەندیی زمان و ئەدەبی کوردین. لەم توێژینەوەیەدا چەند دەقێکی ئەم قۆناغە وەرگێراون و لاتین نووس کراون و نموونەی هەر یەک لەم دەقانە بە خەتی پەهلەوی بە مەبەستی بەرچاوڕوونیی توێژەران و خوێنەران و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی دانراون. ئەم دەقانە لە کتێبی (جاماسب جی ئاسانا)

وەرگیراون کە کۆمەڵێک دەقی پەهلەوی لەخۆدەگرێ و لە ساڵی ١٩١٣ بڵاوکراونەتەوە.

### دەقی درەختی ئاسووریک

لە خوارەوە بەشێکی دەقی (درەختی ئاسووریگ) کە دەقێکی کوردی ناوەڕاست و شێوەی باکوورییە و بە شێوەی شیعر داڕێژراوە دەگوازرێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم دەقە شیعرییە بریتییە لە گفتوگۆی نێوان (بزن و دار خورما) کە هەر یەکەیان هێمای نەتەوە و کولتوورێکی جیاوازن. بزن هێمایە بۆ نەتەوەی کورد و دارخورما هێمایە بۆ نەتەوەی ئاشوور و تێیدا گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە سەبارەت بە بەهرەمەندی و سوودمەندی هەر یەکەیان گێڕدراوەتەوە و لە کۆتاییدا بزن بەسەر دارخورمادا سەر دەکەوێ. ئەم دەقە شیعرییە کە بە شێوازی گفتوگۆیە، لە (١٢١) دێڕە شیعر پێکهاتووە. لە خوارەوە چەند دێڕە شیعرێکی ئەم پارچە شیعرە دوور و درێژە، لە کتێبی ( Corpus of Pahlavi Texts) بە مەبەستی بەرچاوڕوونی و شێوازی ئەو وشانەی کە تێیدا بەکارهاتوون، بە شێوەی لاتین نووس پێشکەش دەکرێن.( (Jamaspj Asana: 1913, 109-114



| | | | |
|---|---|---|---|
| Draxte Ruit Hayti | J Hami Şatir Asuri | لە هەموو شاری ئاشوور | درەختێ ڕوواوە |
| Bîniş Huşak Haiti | Sariş Haiti Taran | سەری دارەکە تەڕە | بنێکی وشکی هەیە |
| Werkeşi Kemiş Manit | Bariş Manit Hangwer | بەرەکەی وەکو هەنگوین | گەڵاکانی وەکو قەمیشن |
| Şirin Bar Haitanit | Hîn Mrotavan Vasnd | لای خەڵکی زۆر پەسند | بەرهەمی شیرین دەهێنێ |
| Awi Draxti Brind | Boj Avi Haw Npartit | لەگەڵ بزن کردی بە شەڕ | ئەو دارە بەرز و بڵندە |
| Ku Haj Tu Hawertr Hinm | Pa Jor Gunak Çbi | بە زۆر گۆنە و شێوە | کە من لە تۆ بە هات ترم |
| Hapem Pa Hunaria Hamik Hamtanêm | Draxte neya | دارێک نییە هاوتای من بێ | بە ئەم هونەرانە هەمووی |
| Şa hej mîn Bexotin | Haku Nuk Haytan Bar | کاتێ بەری نوێ دەدەم | شا لە بەری من دەخوا |
| …… | | | ....... |
| Pazi Paisiv Krit | Sari Firaz Şanit | و سەری بەرزکردەوە | بزن وەڵامی داوە |
| Ku T Gar Mîn Rani | Tu Gar Mîn Npartei | و شەڕم پێ دەفرۆشی | کە تۆ هەڵدەکوتییە سەر من |
| Awi Hane Haj Mîn | Krtakan Aşnuvat | لە کار و کردەوەکانم | ئەوەی هەندێ بیستبێ |
| Bipit Nwg Awi Apak | H Ta Xiavt PitKarit | کە بەو قسە پوچانە هەڵبچم | نەنگی و بێ ئابڕووییە |
| Borjiani Dew Birnd | Başnit Manit wa Dew | بەژنت وەکو دێو درێژ | هەی دێوی قژ درێژ |
| ….. | | | ....... |
| Hagart Paisivi Karm | Nangim Bupit Gran | نەنگییەکی گەورەیە بۆ من | ئەگەر وەڵامت بدەمەوە |
| Çê Jiw Haj Mîn Kriwn | Harvan Yajne Yezdan | لە کاتی جەژنی یەزدان | کە شیر لە من دەدۆشن |
| Maşkim Karand Apdan | Pat Daşt o Viapan | لە دەشت و بیابان | مەشکەی من دەکەنە ئاودان |
| Pat Garm Nim Roçih | Sart Av Haj Mîn Haiti | ئاوی سارد لای منە | لە گەرمای نیوەڕ |
| Hamban Haj Mîn Kriwn | Vajarkanan Vasnan | کە پەسندی بازرگانانە | هەنبانەم لێ دروستدەکرێ |
| | …. | | ............ |
| Boj Firozi Ozari | Hurmak Handor Stabi | خورما ژێر کەوت | بزن لەم گفتوگۆیە سەرکەوت |
| Srutim Ku Nisarit | Avi Nîpîşti Haj Huviş | نووسییەوە بۆ خۆی | ئەوەی سروتەکەم بڵێتەوە ئەوەی |
| Drag Jiwat Pa Har Srut | Sar Dujm Murt Vinit | دوژمنەکانی بمرن | درێژ بێ تەمەنی لەگەڵ هەر سروتێک |
| Avi Aniti o Avi Nîpîşti | Awij pa Hamawin | ئەویش هەر بەم چەشنە | ئەوەی بیڵێ و ئەوەی بینووسێ |
| | …. | | .... |

ئاستی گۆڕان و گەشەی شێوە و مانای ئەم وشانەی کە لەم دەقەدا هاتوون، ڕادە و ئاستی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی لەم قۆناغەدا پیشاندەدا. بۆ نموونە (درەخت: دار)، (بن: بن)، (سەر: سەر)، (بریند: بڵند و بەرز)، (کەمیش: قەمیش)، (ڤەسەند: پەسندکردن)، (هووشک: وشک)، (پەز: پەز و بزن)، (بەشن: بەژن و باڵا)، (دێو: دێو)، (پەسیڤ: بەرسیڤ و وەرام)، (مەشک: مەشکە)، (ڕۆچ: ڕۆژ)، (ئاڤ: ئاو). هەروەها ئەو فرمانانە

(ڕووێتەیتی: ڕوواوە)، (هەیتانیت: هەیەتی)، (هین: هێن، هێنان)، (بخۆتن: دەخوات)، (کریت: کرد لە چاوگی کردن)، (شانیت: ڕەوانەکردن)، (بیبیت: ببێ)، (خیەڤت: ئاخاوتن)، (بووپیت: بووبێ)، (وینیت: ببینێ) هەروەها جێناوی (من، تە) جگە لەوانە کۆمەڵێک ئامرازی جیاجیا بەکارهاتوون وەکوو (وە، پە: لە)، (هەندۆر: لەناو)، (کو: کە)، (هەژ، ژ: لە) و (پەت: لە، بە). سەرجەمی ئەم وشە و فرمان و ئامراز و ڕاناوانە تاکو ئێستاش لەناو زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەکاردەبردرێن.

ئاستی هونەری ئەم دەقە درێژە پێدەری شێوازی دەقی ئەدەبی قۆناغی کۆنی زمانی کوردییە، کێشی شیعرەکە بڕگەییە و هەر نیوە دێڕێک لە (٧) بڕگە پێکهاتووە و لە هەندێ نیوە دێڕدا ئەم ژمارەیە بە یەک یان دوو بڕگە زیاد یان کەم دەبێتەوە کە ئەمەش بۆ هەڵەی لەبەرگرەوانی ئەم دەقە لە ڕۆژگاری کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام بەگوێرەی پێکهاتەی دەقەکە بێگومان لە بنچینەدا سەرجەم نیوە دێڕەکان هاوکێش بوونە. لە ڕووی سەروابەندییەوە پابەندی بنەمایەکی دیاریکراو نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەروای تێدا بەکارهاتووە. هۆکاری ئەم ناڕێکییەش ڕەنگە بۆ هەڵە و کەموکوڕیی لەبەرگرەوانی دەق لە ڕۆژگاری کۆن بگەڕێتەوە، بەڵام لە بنچینەدا دەشێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە لەو ڕۆژگارەی کە ئەم دەقانەی تێدا بەرهەمهاتووە، بنەماکانی هونەریی شیعری لە ڕووی ڕەوانبێژی و قاڵبی نووسین و کێش و سەروا، تایبەتمەندیی خۆی هەبووبێ و لەگەڵ پێودانگی ئەمڕۆ جیا بووبێ.

**دەقی ڤەرەهرامی هەرژیوەن**

ئەم دەقە لە کتێبی (دەقە پەهلەوییەکان)ی جاماسپ ئاسانادا بە ناونیشانی ڤەرەهرامی هەرژیوەن تۆمارکراوە. (Jamaspj Asana: 1913, 160-161) ڤەهرام ناوی کەسێتییەکی دینی زەردەشتییە کە لە جیهانبینی و باوەڕی مەزدا پەرستاندا وەکو پاڵەوانێک، نەمری پێ

بەخشــراوە تــاکو لە ڕۆژی کۆتــایی دەرکەوێــتەوە و بە یــاوەری چەنــد کەسێکی دیکە جیهان لە ناپاکی و ناپاکان پاک بکاتەوە. لەم دەقەدا ئاواتی دەرکەوتنــی وەهرامــی هەرژیــوەن کــراوە، چــونکە نیشــتمان و خــاک و شکۆمەندی و پاشایەتی بەر هێرشی دڕندانەی عەرەب کەوتووە و شاعیر هیــوای وایە کە بە دەرکەوتنــی وەهرامــی هەرژیــوەن (هەردەم زینــدوو)، دەسەڵاتی پڕ لە ستەمی عەرەب کۆتایی پێ بێ و سەرلەنوێ دینەکەیان ببووژێتەوە. بەم هۆیەوە دەردەکەوێ کە ئەم دەقە دوای هاتنی ئیسلام و لە ماوەی دوو سەدەی یەکەمی کۆچی نووسرابێ.


| | |
|---|---|
| Kay bwe ka payk-e Ayeo haç hindugan | کەی ببێ کە پەیکێ بێ لە هیندستانەوە |
| Ka ama Aw i Şa-Wahram haj Dutag Kayan | کە (بڵـێ) هـات ئەو وەهـرام شـای لە وەچە و دوای کیانیانەوە |
| Ka pil hayti hazar Abar saran sar hayti pilwan | کە هەزاران فیلی هەیە، بۆ هەموویان فیلەوانە |
| Ka arastag drafş daret pat ewen i husrogan | کە ئاڵا و درووشمی ڕازاوەی هەیە بە وێنەی پاشاکان |
| Peş laşkar aruet pad spahswaaran | لە پێشەوەی لەشکر دەڕوا لەسەرووی شۆڕەسواران |
| Marde bueer abeet krtn zirak targuman | پیـاوێ بـوێر دەبـێ ئامـادە بکـرێ کە زیـرەک و تەڕ زومان و لەبلەبان بێ |
| Ka Şane maremit pat hindugan | کە بڕوا و بڵێ بە هیندووان |
| Ka Ama çee dit Haç dast Ì tajigan | کە ئێمە چیمـان بەسـەر هـاتووە لە دەسـتی تاژیگـان (عەرەبان) |
| Abar euk groa den nizar krt u be Ojiit Ama Şahanşahe Ud ke aier OyŞan | تێکڕا دینیان لێ لەناوبردین، پاشای ئێمەیان کوشت و ئەوەی کە سەرفیراز بوو ئەویشیان |
| Çioon dewan den dairon Çioon sag xwarend nan | دینیان وەکو دینی دێوانە و وەکو سەگ نان دەخۆن |
| Be astand hen padıxşayi haj husrogan | دەسەڵاتداریان لە پاشاکان سەندەوە |
| Ne pad hunar ne pad martagi be, pad apsos u riyaraş be sathend, naernt pad stambi haç martoman | نە بە هـونەر و نە بە پیـاوەتی بەڵکـو بە ئەفسـون و ڕووی ڕەش لێیان سەنرا ناهێڵن بە ستەم لە خەڵکی |
| Jan u xwastagiha i şiren bax u baxstan | ژن و خواستە شیرینەکان و باخ و باخستان |
| Gazıtag abar anitat be baxt awand abar saran | جەزیەیان دانا بۆ بەخشینی سەران (ژیان) |
| Abag asarıg bwyst hend w dyey gran | بە چاوی پڕ فرمێسک مانەوە و دیەی بە گریان |
| Be nigar ka Çand wat sarta wajit awe drooj pad en gehan | بنواڕە کە چەند بـای سـاردی وەشـاند ئەو درۆزنە لە جیهاندا |
| Neie rwet haç awy Pisig antor gehan | نەڕواوە لە ئەو خراپتر لەم جیهانەدا |
| Haj ama be aioo awi Şawahram i harjawand haç dutag kyan | بـۆ ئـێمە بـێ ئەو شـاوەهرامی ڤەرژاوەنـد لە نەژاد و دوای کەیان |
| Be haistaniten ken i tajıgan | تۆڵەمان لە تاژییەکان بکاتەوە |
| Çioon rotastahm haitanit drag ken i syawaxşan | هەروەک چـــۆن ڕۆســـتەم زوو تـــۆڵەی سیاوەشـــی کردەوە |
| Mazgiti parot helın be nişenin atwxşan | مزگەوتان چۆڵ و پەرپووت بکەین، ئاگر هەڵبکەینەوە |
| Uzdeszariha be kanem u pak kaeim haj gehan | بتخانەکان هەڵکەنین و جیهانی لێ پاک بکەینەوە |
| Tak wane bwet droj wışudagan haj awe gehan | تاکو ون بن و لەناوبچن نەوەی درۆ لەم جیهانەدا |

ئەم پارچە شیعرە پەیڕەوی کێشی پەنجەیی دەکا، بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، تاڕادەیەک نیوە دێڕەکان تێکەڵکراون و لە هەندێ دێڕدا برگەکان لە چاو نیوە دێڕەکەی بەرامبەری زۆر زیاترن. لە ڕووی سەروابەندییەوە تاڕادەیەکی بەرچاو سەروایەکی ڕێک و ڕەوانی هەیە کە لە سەرجەم نیوە دێڕەکان سەروای (ان) دووبارە دەبێتەوە. لە ڕووی بەکارهێنانی وشە، دەستەواژە، ئامراز و فرمانەوە لەم دەقەدا کۆمەڵێک بابەتی سەرنجڕاکێش هەن کە پیشاندەری ئاستی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی لە قۆناغی ناوەڕاستەوە بۆ قۆناغی نوێ. بۆ نموونە کۆمەڵە وشەیەکی وەکو: (دووتەگ: دوا، نەژاد، نەوە)، (دین: دین)، (گێهان: گێتی، جیهان)، (مەزگیت: مزگەوت)، (پەرووت: پەرپووت)، (درۆژ: درۆ) یان هەندێ ڕاناوی وەکو (ئەمە: ئێمە)، (ئووشیان: ئەوان) یان هەندێ ئاوڵناوی وەکو (بوێر: ئازا، بوێر)، (سەرتە: سارد)، (درۆژەن: درۆزن) و هەندێ ئامرازی وەکو (هەچ، هەژ: لە)، (چیوون: چۆن)، (ئیی یان ئەوی: ئەو)، (چەند: چەند)، (چی: چی)، (کەی: کەی) و کۆمەڵە فرمانێکی وەکو (بوێ: ببێ)، (ئایۆ: بێ)، (ئاما: هات)، ( هەیتی: هەیەتی)، (ئەڕووت: ئەڕوا، دەڕوا)، (مەرەمیت: مەرمۆ، ڤاچۆ، گووتی)، (وەنی بوێت: ون ببێ)، (بیهەیتانیتن: بهێننەوە)، (نائێرنت: ناهێڵن) و (بینیگار: بڕوانە)

## دەقی ئەیاتیگاریی زەرێران

داستانی پاڵەوانێتی زەرێران یان شانامەی ڤیشتاسپی لە کتێبی دەقە پەهلەوییەکانی جاماسپ ئاسانا وەرگیراوە. ( Jamaspj Asana: 1913, 1-17) و لە ١١٤ بەندی ناوەڕۆکی سەرەکی و ٧ بەندی کۆتایینامەی دەقەکە پێکهاتووە و لە بنچینەدا بە شێوازی شیعری پەهلەوی دانراوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە دەقەکە دەردەکەوێ کە لە هەندێ شوێن بە شێوازی شیعر و لە هەندێ شوێنیش بە شێوازی پەخشان نووسراوە؛ کە ئەمەش ڕاستییەک دەردەخا، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەقە دەقێکی شانۆییە، گفتوگۆی نێوان کەسەکان بەشێوەی شیعرە و وەسفی ڕووداو و

شـوێنەکانیش بە شـێوەی پەخشـانە. بـۆیە دەکـرێ ئەم دەقە بە یەکێـک لە کۆنترین دەقە شانۆییەکان لە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی دابنرێ.



نـاوەڕۆکی ئەم دەقە گێـڕانەوەی داسـتانی پـاڵەوانێتی شـەڕی نێـوان کەڤـی ڤیشتاسـپەی پشـتیوانی زەردەشـت لە دژی ئەرجاسـپەیە. کەڤـی ڤیشتاسپە و گشت برا و کوڕ و خزمەکانی دەچنە سەر دینی زەردەشت و پاڵپشـتی لە زەردەشـت دەکەن، لە بەرامـبەردا ئەرجاسـپە بەهـۆی ئەم هەڵوێستەی کەڤی ڤیشتاسپە دەتۆرێ و نامەیەک ئاراستەی ئەم میرە دەکا

و داوای لێدەکا واز لەم دینە و لە زەردەشت بێنێ و بگەڕێتەوە سەر دینی کۆنی بابوباپیرانی، بەڵام کەڤی ڤیشتاسپە ئەم داوایە ڕەتدەکاتەوە و لە ئەنجامدا ئەرجاسپە بە سوپایەکی یەکجار مەزن هێرش دەکاتە سەر میرنشینی دراوسێ و شەڕێکی خوێناوی لێدەکەوێتەوە. گێڕانەوەی داستانی پاڵەوانێتی و جەربەزەیی و شۆڕەسواریی لایەنگرانی زەردەشت لە دژی ئەرجاسپە و سوپاکەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێکدێنێ. لەم توێژینەوەیەدا سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو سوپایە کە لە بەندی ٦٩وە دەسپێدەکا وەکو خۆی دەگوازرێتەوە، تاکو ئاستی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی لەم قۆناغەدا بەپێی ئەم دەقە بەدیاربکەوێ.

| | |
|---|---|
| 69- Ca wiştasp şa wa ko sar neşned zor abag bu dwazda dwazda bewar. Arjaspi xiwnan xwtay wa ko neşined oeş zor bu dwazda dwazda bewar bewar. | ٦٩- جا ڤیشتاسپ شا له سەری کێو وەستا لەگەڵ هێزێک که بریتی بوو له دوازده دوازده بیوەر، ئەرژاسپی سەروەری خیونانیش لەسەری چیا وەستا و هێزی ئەویش دوازده بیوەر بیوەر بوو. |
| 70- u aw tahm spahbed i new karjar owan new kirad çion ka adur yazd handur awi nayestan awet aweş wadij ayar bwe, ka şmşer fraz jano dah u ka awraz wejed dahe xiyon ujana, ka guşnag u tinag bwe xuen i xiyon wenat şat bwe. | ٧٠- و ئەو پاڵەوانی سپاسالاری دلێر، وەها بەباشی شەڕ دەکا وەکو ئەوەی که ئیزەدی ئاگر کەوتبێته نەیەستانەوە، که شمشێر بەرز دەکاتەوە دە و که ڕایدەوەشێنێتەوە دە خیون دەکوژێ و که برسی و تینوو دەبێ، خوێنی خیون دەبینێ دڵی خۆش دەبێ. |
| 71- u ja arjasp i xiyonan xwdag haj ko sar nıga karo u gowet ku haj aşma xiyonan ke hay ke şanat abag zarer koxşed oeş kuşet awwe tahmi spabod i new zarer, tak zarrstun i min duit, pat janih dahem ke handur hamag şatr i xiyonan jane haj awi huçihr tr neyas. | ٧١- ئینجا ئەرژاسپی سەروەری خیونان له بەرزایی چیاوه تەماشا دەکا و دەڵێ: کێ له ئێوه خیونان هەیه که بڕوا و ئەو زەریره بکوژێ ئەو پاڵەوانه دلێره بکوژێ، تاکو زەرستوونی کچی من ببێ به ژنی که له هەموو وڵاتی خیونان ژنێکی وەکو ئەو جوان و شۆخ بەدیناکرێ. |
| 72- awiş hamag şatr i xiyonan bedaxş kaeim ç hagar tak şav zindag zarer, eg ne itar zaman bwet ka haj ama xiyonan eç zindag awaz be ne payet. | ٧٢- و له هەموو شاری خیونان ئەو گەوره دەکەم، چونکه ئەگەر تاکو شەو زەریر زیندوو بمێنێتەوه، زۆری پێناچێ که له ئێمه خیونان کەس به زیندوویی نامێنێتەوه. |
| 73- ja awe vidarawş i jadug habar aw pe westat gwet ku min ray asp zen sazen ta az şanim. | ٧٣- جا ئەو بیدەرەفشی جادوو هەستاوه سەر پێ و گووتی که ئەسپم بۆ زین بکەن تاکو من بچم. |
| 74- u asp zen sazennt aweiş vidarawş i jadug habar nişit u stanet awe fraş afsudag, i dewan handur dojax pat xeşm u jaher distag, pat awi kart estad firaz u dast staned u handur razim dwaret wenet ku zarer karjar çiyon new karo fraz u peş ne hawaret şanet. | ٧٤- و ئەسپیان زین کرد و بیدەرەفشی جادوو لەسەری دانیشت و هەڵیگرت ئەو تیره ئەفسوودەیەی که دێوەکان له دۆزەخ به قین و ژەهر درووستیان کردبوو و به ئاوی پیس ئاوبەندیان کردبوو، هەڵیگرت و بەرەو مەیدانی شەڕ تاوی دا و دیتی که زەریر چۆن به باشی شەڕ دەکا و ئینجا له هەوراز و نشێو بەرەو ڕووی یەک ڕۆیشتن. |
| 75- aweş haj nihan, haj paş fraz dwaret, şawe u zarer aray azer i kamar bant u azabar i kustaig pat pişt wa janet u pat dil be wadared u wa awe zamig abgayanet u paş wa nişanit awe parrişni kawanan u wang i new martan. | ٧٥- ئەو به نهێنی له پشتەوه هەڵیکوتا، دەڕوا و به تیرەکەی له خوارووی کەمەربەند و سەرووی پشتبێند له پشتەوه له زەریر دەدا و دڵی دەقەڵێشێ و به زەوی دادەدا و ئینجا دادەمرکێ دەنگی پەڕەی تیری کەوان و نەڕەی شێره پیاوان. |
| 76- ja viştaspşa haj ko sar nigah karo u gowet ku haj pat et darem kuman ojad zarer i eran | ٧٦- جا ڤیشتاسپ شا له سەر بەرزایی چیا لێی دەڕوانێ و دەڵێ که پێموابێ پێکێنرا زەریری سپاسالاری ئێران چونکه نایێ دەنگی |

| | |
|---|---|
| spahbed ç nawn ne ayo parriş i kawanan u wang i new martan. | پەڕەی تیری کەوان و نەڕەی شێرە پیاوان. |
| 77- be haj aşma eran ke has ke şano u zareran kin xwahot tak kaeş awe humag i man duet pat janih aweş  dahem ke hantur hamag şater eran jan awy hu çihr tar neias. | ٧٧- هەیە لە ئێوە ئێرییەکان کە کەس هەبێ بڕوا و کینی زەریر بستێنێتەوە تاکو ئەو هومایەی کچی من بیدەمێ و ببێ بە ژنی ئەو کە لە سەرانسەری شاری ئێرییەکان ژنی وەکو ئەو جوان نییە. |
| 78- aweş man u kadag i zarer, spabedih i eran aweş dahem. | ٧٨- من میراتی زەریر و سپاسالاری ئێرییەکان بە ئەو بدەم. |
| 79- eç er u azat parsix ne dat be awe pus zareran, kotak i haft salag homanag fraz u pay westat u gowet ku man şanem u razm i eran wenam, waspuhr i viştaspan wenem u awe tahm spabed i new zarer i man pitar, hagar zindag aybo murtag çiyon has peş aşma bayan gowem. | ٧٩- هیچ پیاوێکی ئازا وەڵامی نەداوە بێجگە لە کوڕی زەریر کە منداڵێکی حەفت ساڵان بوو هەستاوە سەر پێ و گووتی: کە من دەڕۆم و شەڕ بۆ ئێرییەکان دەکەم، شازادەی ڤیشتاسپی دەبینمەوە و ئەو پاڵەوان و سپاسالارە زەریری باوکی من، هەکە زیندوو بوو یان مردوو بارودۆخی چۆن بێ بۆتی بەیان دەکەم. |
| 80- ja viştaspşa gowet ku to ma şano ç to aburnay he u razman pahrej ne tane, u to angust pad tigr ne ost estat. | ٨٠- جا ڤیشتاسپ شا گووتی: کە تۆ مەڕۆ جونکە تۆ منالێ و هیچ هونەرێکی جەنگاوەی نازانی، ئەنگوستت تیری پێ راناکێشرێ. |
| 81- ma xiyonan rasend u to ojanent çişan zarerij ojat, ja xiyonan du naw barn kuman ojat zarer i eran spabed u awman zat bastwriş pus. | ٨١- نەوەک خیونان بگەن و تۆ بکوژن وەکو چۆن زەریریان کوشت، جا خیونان دوو ناو دەبەن و کە چۆن کوشتمان زەریری سپاسالاری ئێرییەکان و بەستوری کوڕەکەی ئەویش. |
| 82- ja bastwar pat nihano awe s Axwarrsalar gowet ku viştaspşa farman dat ku awe asp ka zarer kotak but habar nişet be aw bastwar dahet. | ٨٢- جا بەستوڕ بە نهێنی بە ئاخورسالاری گووت کە ڤیشتاسپ شا فەرمانی داوە کە ئەو ئەسپەی کە زەریر لە منداڵی سواری دەبوو بە بەستوڕ بدرێ. |
| 92- awiş bastwar habar nişinet, vşitaspşa haj kantigr i xweş tigre dahet aweş afrin padiş karo gowet ku weeit yar haj man bşi peroz hawaro hah pat har razm u pad razme to peroz want, pat roj naw aware jawedan rojan dujman murt hawaro. | ٩٢- بەستوڕ سوار دەبێ، ڤیشتاسپ شا لە تیردانی خۆی تیرێکی پێدەدا، ئەو پیرۆز دەکا و دەڵێ: کە دەتەوێ لە لای من برۆی سەرکەوتن دەستەبەر بکە لە هەمو شەڕێک و لە دوای هەر شەڕێک تۆ سەرکەوە، هەر ڕۆژ ناوداری تۆماربکە، لە ڕۆژی لەبیرنەکراوەدا دوژمنان لەناو بەرە. |

| | |
|---|---|
| | |
| 94- ja bastwar asp fraz hilit u dujman ojaret u karjar awan new karo çiyon zarer i eran spahbed kart. | ٩٤- جا بەستوڕ ئەسپی تاودا و دوژمنی کوشت و شەڕی ئەوها بە باشی دەکرد وەکو چۆن زەریری سپاسالاری ئێرییەکان دەیکرد. |
| 112- eg ne edagr zaman bwet ka haj aweşan xiyonan eç zindag awaz ne manet be awe i ek arjasp i xiyonan xwtay. | ١١٢- هەندەی پێنەچوو کە لە ئەو خیونانە هیچ کەس زیندوو نەماوە جگە لە ئەو ئەرجاسپی سەروەری خیونان. |
| 113- u awij yal spandyart girt hajeş daste u paye u goeiçe brinet u hajiş çaşme pat ater sojet u aweş pat britag kare awazet o şatre xweş frazet. | ١١٣- ئەویش ئەسپەندیاری پاڵەوان دەیگرێ و دەستێکی و پێیەکی و گوێیەکی لێ دەبڕێ و چاوێکیشی بە ئاگر لێ دەسووتێنێ و ئەو لەسەر کەرێکی کلک بڕاو دادەنێ و بۆ شاری خۆی دەینێرێتەوە. |
| 114- gowet ku şaw u gow kut ç dit haj dast min yali spandyad ku xiyonan ç zanent ku ç bue pat roj frawartinan hantur ajdahak rajm viştaspan. | ١١٤- دەڵێ: بڕۆ بڵێ کە چیت دیت لە دەست منی ئەسپەندیاری دلێر کە چ ڕوویدا لە ڕۆژی فرەوەردین لە شەڕی ڤیشتاسپ شای ئەژدیها. |

زۆربەی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لەم دەقەدا بەکار هاتوون، لە زمانی ئێستای کوردیدا وەکو خۆی یان بە گۆڕانێکی کەم تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ هەر بەکاردێن. بۆ نموونە لەم وشانەدا (زۆر: هێز)، (ئادوور: ئاگر)، (کۆ: کێو)، (دویت: کچ)، (ژەنی: ژن)، (شەتر: شار)، (شەڤ: شەو)، (ئەسپ: ئەسپ)، (دوژەخ: دۆزەخ)، (ژەهیر: ژەهر)، (گویێچ: گوێ)، (پەی: پێ) و ئەم ڕاناوانە (من و ئەز: من)، (تو: تۆ)، (ئەو: ئەو)، (ئەمە: ئێمە)، (ئەشما: ئێوە)، (ئەوشان: ئەوان) و هەروەها کۆمەڵە ئامرازێکی وەکو (هەژ و هەچ: لە)، (پەت: بە، پە)، (چیون: چۆن)، (هەمەگ: هەموو)، (کوت: کە)، (ئیچ: هیچ)، (تاک: تاکوو)، (چ: چ، چی)، (هەگەر: ئەگەر) و چەند ئاوڵناوێکی وەکو (تینەگ: تینوو)، (زیندەگ: زیندوو)، (کریت: کرێت، پیس)، (بریتەگ: بڕاو) و ئەم فرمانانە وەکو (ئاوێت: هاویشت)، (وێژەد: دەژەنێ، لێدەدا)، (کەرۆ: دەکا)، (گوێت: گووتی)، (هەی: هەیە)، (شانەت: بڕوا)، (نییەس: نییە)،

(بوێــت: ببــێ)، (بی‌نی‌پــایەت: پــایەدار نــابێ، بەردەوام نــابێ)، (ســتانیت: هەستاندی)، (وێنێت: بینی)، (وەدەڕیت: هەڵیدڕی)، (نی‌ئـایۆ: نـایێ)، (نـی‌دات: نەیدا)، (سووژەت: سووتاندی) و ... هتد.

**ئەنجام و ڕاسپاردە:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە دەردەکەوێ کە:

زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا خاوەن پێگەیەکی مەزنە و کۆنترین بەرهەمـی دینی- ئەدەبی بە زمانی کوردی بۆ نزیکەی سێ هەزار ســاڵ بەر لە ئێسـتا دەگەڕێتەوە، بۆیە ئاڤێسـتا بە سـەرچاوەی هەرە دێرینی زمان و ئەدەبی کوردی دادەنرێ.

زار یان شێوەزاری کوردی ئاڤێستایی کە دەقی دینی پێ داڕێژرابوو، لە ڕۆژگـاری مادەکانـدا بە زمـانی فەرمـی و یەکگرتووی دەوڵەت و نەتەوە هەڵبژێردرا.

بەپێی مێژووی گەشـەی زمـان، زمـانی کوردی بەسـەر سێ قۆنـاغی کۆن (ئاڤێستایی- مادی)، قۆناغی ناوەڕاست (کوردیی باکووری و کوردیی باشـووری) کە بە پەهـلەوی ناسـراوە و قۆنـاغی نـوێ (سـەرجەم زار و شـێوەزارەکان)ی ئێسـتای زمـانی کوردی دابەشـدەکرێ و لە بنچینەدا ئەم قۆناغــانە ڕەنگــدانەوەی کیــانی ســەربەخۆیی گەلــی کــوردن لە قۆنــاغە مێژووورییە جیاوازەکان.

تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لە ئاستە جیاوازەکانی زمانەوانیدا لە قۆنــاغی کــۆن بــۆ قۆنــاغی ناوەڕاســت و لەوێشــەوە بــۆ قۆنــاغی نــوێ پەڕیــونەتەوە. ئەم گەشــە و گــۆڕانەش لە چوارچێــوەی ئەم زمــانەدا بە هێڵێکی ڕاست و نەپچڕاودا لە گەشەدا بووە.

ئاستەکانی گەشە و گۆڕانی وشە لە قۆناغی کۆن بۆ قۆناغەکانی دیکە، پیشاندەدەن کە وشەکان هەندێ جار بەبێ هیچ گۆڕان و هەندێ جار بە گۆڕانێکی کەم لە قۆناغەکانی دواتردا بە هەمان مانا بەکار هاتوون.

بنەما هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی لە زمانی کوردیی پێش ئیسلامدا وەکو کێش و سەروا، ڕەوانبێژی و ماناناسی لە دەقی دینی– ئەدەبی قۆناغەکانی دواتری زمانی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام ئەم بنەمایانە لە قۆناغی کۆن سادە و ساکارن و لە قۆناغی ناوەڕاستدا تاڕادەیەک گەشەیان کردووە و ڕێکتر و دامەزراوترن، بەڵام لە قۆناغی نوێدا ئەم تایبەتمەندییانە شێوەیەکی چەسپاو و جێگیریان وەرگرتووە.

لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردیی پێش ئیسلام پێویستی بە شارەزابوون لە خوێندنەوەی ئەو دەقە کۆنانە هەیە کە لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا بە زمانی کوردی و بە ئەلفوبێی ئاڤێستایی و پەهلەوی و جۆرەکانی دیکە نووسراون، بۆیە لێرەوە داوا لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان دەکرێ کە گرنگی بە بابەتی زمانە کۆنەکان بدەن و هەوڵی دامەزراندنی بەشی زمانە کۆنەکان بدەن؛ تاکو توێژەرانی کورد ڕاستەوخۆ پشکنین لەسەر ئەم دەقانە بکەن و پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی مێژوو، کولتوور و زمانی کوردی هەڵماڵن.

**سەرچاوەکان:**


- احمـد تفضـلی ۱۳۸۵. فهلویـات، تـرجمه فریبـا شـکوهی، نـامەی فرهنگستان، دوره ۸، شماره ۱ (پیاپی ۲۹)، صفحات ۱۱۹–۱۳۰

- اقرار علی‌یف(۱۳۸۸)، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران

- اقرار علی‌یف(۱۳۹۱)، تاریخ آتروپاتن، ترجمه مهناز صدری، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران

- ا. م. دیاکونوف(۲۵۳۷). تاریخ ماد، ترجمهء کریم کشاورز، انتشارات پیام، چاپ دوم، تهران

- پرویز ناتل‌خانلری(۱۳٦۵). تاریخ زبان فارسی، جلد اول، نشر نو، چاپ دوم، تهران

- پرویز ناتل‌خانلری(۱۳۷۳). زبان‌شناسی و زبان فارسی، انتشارات توس، چاپ ششم، تهران

- حسن رضایی‌باغ‌بیدی(۱۳۸۸). تاریخ زبانهای ایرانی، مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، چاپ دوم، تهران

- حەبیبوڵڵای تابانی(۲۰۱۰)، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی جەلیل گادانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر

- چارلز برنی و مارشال لانگ(۱۳۸٦)، تاریخ اقوام کوه‌نشین شمال غرب، ترجمه هوشنگ صادقی،انتشارات نگاه، چاپ اول، تهران

- ذبیح الله صفا(١٣٩١)، تاریخ ادبیات ایران، جلد اول، انتشارات فردوس، چاپ یازدهم، تهران

- ذبیح الله صفا(٢٥٣٥)، سیری در تاریخ زبانها و ادب ایرانی، چاپ زندگی، چاپ اول، تهران

- رحیم عفیفی(١٣٧٣)، ارداویرافنامه، انتشارات توس، چاپ دوم، تهران

- رودیگر اشمیت(١٣٨٧)، راهنمای زبانهای ایرانی، حسن رضائی باغبیدی و دیگران، جلد دوم، انتشارات ققنوس، چاپ دوم، ١٣٧٨

- ڕەفیق شوانی(٢٠٠٨)، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر

- سۆران حەمەڕەش(٢٠١٣)، کورد کێیە؟، چاپخانەی YPG- Publishing، چاپی یەکەم، لەندەن

- فرهاد عزیز(٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر

- فرهاد عزیز(٢٠١٧)، جوانکاری ئەدەبی لە ئاڤێستادا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی ٢١، ژمارە ٤

- محمدبن اسحاق بن ندیم(١٣٨١)، الفهرست، ترجمه محمدرضا تجدد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران

- محمدجواد مشکور(١٣٧٥)، نظری به تاریخ آذربایجان، انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، چاپ؟، تهران

- محمدی مردوخی(٢٠١١)، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محمد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

- مهرداد بهار(١٣٨٩). پژوهشی در اساطیر ایران، نشر آگه، چاپ هشتم، تهران

- مەنسوور مەخدوم(١٣٨١). گرنگی کورد و کوردستان له قۆناغه مێژووییەکانی ئێران تا سەردەمی ئەفشارییە، وەرگێڕانی ڕەفعەت مورادی، خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر

- هاشم رضی(١٣٨٤)، آیین مغان، انتشارات سخن، چاپ دوم، تهران

- هرودوت(١٣٦٢). تاریخ هرودت، جلد اول، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم، تهران

- Jamaspji Dastur Minocherji Jamasp-asana(1913). Corpus of Pahlavi Texts, Bombay
- J. Marquart(1901). Eransahr, Weidmannsche Buchhandlung, Berlin
- Karl. F. Geldner(1886). Avesta I, Kohlhamer, Stuttgart
- Karl. F. Geldner(1889). Avesta II, Kohlhamer, Stuttgart
- Ralph. S. Solecki, Rose L. Solecki: (2004) The Proto-Neolitic Cemetery in Shanidar Cave, Texas A&M university Press Collrge Station.
- W. Jackson: (1892) Avesta Grammar and Reader, Part I, Stuttgart, W. Kohlhmmer.

**جایگاه زبان و ادبیات کوردی در روزگار پیش از اسلام**

**چکیده:**

زبان کوردی همانند بیشتر زبان‌های زنده‌ی دنیا، مراحل مختلفی را سپری کرده و طی اعصار مختلف آثار گوناگون دینی، تجارتی، سیاسی، ادبی و ...غیره از این زبان به یادگار مانده است. این زبان در عصر مادها به‌مثابه‌ی زبان دین و دولت به جایگاه و پایگاه شایانی در خاورمیانه دست یافت و این پیشرفت در سراسر روزگار اشکانیان و ساسانیان و مدتی هم پس از اسلام ادامه یافت و در مقام زبان رسمی این دولت‌ها آثار متعددی از خود به‌جای گذاشت. در حقیقت متخصصان تاریخ زبان و فرهنگ کوردی، اهمیت چندانی به این مرحله‌ی شکوهمند از تاریخ فرهنگ و زبان و ادبیات کوردی نداده‌اند. این پژوهش برآن است تا با تکیه بر متون گوناگون دینی و ادبی که از این اعصار کهن به یادگار مانده‌اند، مراحل و ابعاد تغییر و پیشرفت زبان کوردی را بر اساس تاریخ تطور زبان، مورد تحقیق و مطالعه قرار دهد.

**واژه‌های کلیدی:** تاریخ تطور زبان، زبان کوردی، ادبیات پیش از اسلام، متون کهن زبان کوردی

**The Position of Kurdish Language and Literature In Pre-Islamic era**

**Abstract:**

Like any of living languages of the world, Kurdish has gone through many changes over time producing different works in various fields such as religion, economy, politics, literature and so on. Kurdish used to be the language of the dominant power during Medes monarchy and became swank in the Middle East. The language was thrived throughout the Parthian Empire and Sassanid's Kingdom and became a standard language through which works from different fields have been registered. However, such significant era has been overlooked by the Kurdish scholars who work in the field; therefore, this study tries to analyze the different dimensions of historical evolution Kurdish language and literature by shedding light on the literary and religious works of the related era.

**Keywords**: History of language evolution, Kurdish language, pre-Islamic literature, Ancient Kurdish texts